کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-12-2006 22:44

# سەرۆک بارزانی دووپاتی کردەوە کە ئەی ڕەقیب هەر ماوەو هەردەمینی... ڕزگار کۆچەر

rzgar_kochar@hotmail. com

کاتێك جەنابی سەرۆك بارزانی سەرۆکی کوردستان لەبەردەم پەرلەمانتارو نوێنەری حزبە سیاسیەکانی کوردستان چەختی لەسەر دێرینی و پیرۆزی مانەوەی مارشی نەتەوایەتیمان ئەی ڕەقیب کرد، دەبوو ئەو کات هەموو ئەو دەنگە نەشازانەی کە خەون بە گۆرینی ئەی ڕەقیب دەبینن ودەیانەوێت بە پێشنیارێکی سەقەت ناوی خۆیان بخەنە ناو کتێبی ناوداران دەبوو لە دوای قسەکانی جەنابی سەرۆك دەمیان داخەن و خۆیان بەکارێکی تر خەریك کەن، کە ئەوندە پیرۆز و گرینگ نەبێت وەك ئەی ڕەقیب!!!

هەموو ئەو کەسانەی لە دەسەلات نزیکن یان دەسەلات لە هەندی پرس مشوریان پێدەکات دەکرێت متمانەی خەلك بە دەست بهێنن کاتێك لە پرسە نەتەوایەتی و خەمە نیشتیمانیەکان گۆی رایەلی نسبەیەکی زۆری هاولاتیانی ولاتی خۆیان دەبن یان هەر هیچ نا گوی شلکەری ئەو قسەو باسە گەرمانەی نێو گۆرپان و شەقامی ولاتەکەی خۆیان دەبن، وروژاندنی هەندی پرس ئێستا لە کوردستان خزمەتکردنی تەواوی داگیرکەرانی کوردستانە لێرەش گۆرین و دۆزینەوەی بەدیلی ئەی ڕەقیب خۆی لە خۆیدا دەچێتە ناو خانەی خزمەت کردن بەم دەولەتە شۆفێنیانەی کە بە ئەی ڕەقیب گۆیان دەهاوسێت، جا چۆن سەرۆك بارزانی گوتی کاری گەورەترمان لە پێشە خۆمانی پێوە خەریك کەین، وە گوتی ئەی ڕەقیب و ئالای کوردستان بۆنەتە فرهەنگی دێرینی نەتەوەکەمان باش نیە خۆمان بە گۆرینی ئالاو مارشی نەتەوایەتی خەریك کەین، دەکرێت ئەوانەی پرۆژەیەکی هونەری نەتەوایەتیان پێیە کە لەخزمەتکردنی فەرهەنگی دەولەمەندی هونەری کوردی دایە باشترە بەرای من بچن گۆرانیەکانی سید عەلی ئسخەرو عەلی مەردان و خالە تاهیر تۆفیق و کاویس ئاغاو مام رەسول گردی زیندوو بکەنەوە، نەوەك دەستکاری شتێك بکەن کە لە مێشکمان چەقیوە بۆتە بەشێك لە جەستەمان، ئاخر ئەوەی بە ئەی رقیب پەروەردە نەکرابێت نازانی گەورەیی و ماهیەتی ئەی ڕەقیب لە چیە ئەوی خوێنی نەرشتبێت لە پێناو کورد وکوردستان نازانی گەورەیی ئەی ڕەقیب لە چیە!!!

ئاخر ئەی ڕەقیب واتەنن مەدای بەعسیەکان نیە کە مێژوەکەی پر بێت لە دۆران و کودەتای عەسکەری دوایش موسابەقەی بۆ بکرێت تا بگۆردرێت ئینجا مەوتنی موتنی بێتە جی ی.. !!

من هیچی تر نالێم تەنها دەلێم باشتر وایە ئەوانەی دەیانەوێت بە گۆرینی ئەی ڕەقیب دوو فلسیان دەست کەوێت چاکتر وایە بیر لە پرۆژەیەکی تر بکەنەوە چونکە سەرۆك بارزانی وەلامی هەموو ئەوانەی داوە گە دەیانەوێت ئەی ڕەقیب بگۆرن و جەنابیان دووپاتی کردەوە کە ئەی رقیب هەر ماوەو هەر دەمێنی بە کوێرای چاوی دوژمنانی کورد وکوردستان...